
www.kurdistannet.org
25-11-2005 13:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چەپە دۆڕاوەکانی ناو 'چاك' ... کاڵفامێکیان هێناوەتە گۆ... جەمال فەتاح



ڕێکخراوی چاك بۆکۆکردنەوەو سەر پەرشتی کردنی چەپە دۆراوەکا لە ئەوروپاو بۆدژایەتی کردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ماوەیەکە شەڕی کۆنەقینی خۆیان لەگەل بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی دەست پێکردووە.

لەباتی دژایەتی کردنی دوژمنانی نەتەوەکەمان و ئەو کەسو لایەنانەی کوردیان داگیرو قەڵا چۆکردووە دژایەتی بزوتنەوەی رەوای نەتەوایەتی نەتەوەکەمان ئەکەن و ئەوەی لەسەنگەرەکانی شەڕی براکوژیدا باڵی چەپە دۆڕاوەکانی کوردستان پێیان نەکراوە جێبەجێی بکەن ئەوە ئێستا ملی شکاو ودەستی دۆڕاویان بەرەو ئەوروپا هەڵگرتووەو هاتوونەتە ئەوروپاو خۆیان بەرێکخراوێکی لاوازو بێخاوەنی وەکو ڕیکخراوی چاکدا هەڵواسیوەو لەبن ناوی پیرۆزی دژی ئەنفال وجینۆسایدی کوردستان ناوەندی هەڵەبجە دا دژایەتی بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەکەمان ئەکەن ودرۆو بووختان بۆ لایەنە شۆڕشگێرە کانی سەر گۆرەپانی خەباتی کوردستان ڕێکئەخەن و بەخەیاڵی خاویان ئەیانوێت سەرکردایەتیە شۆڕش گێڕەکەی و پێشمەرگە قارەمانە کانی کوردستان لەکەدار بکەن.

دیارە نزیکی دووهەفتە لەمەوپێش من وەڵامی وتارێکی ئەو چەپەدۆڕانەم داوەتەوە کە بەناوی ڕیکخراوی چاکو ناوەندی هەڵەبجەوە نووسیبوویان دەر بارەی ڕەوشی کەمال سەید قادر کە درۆکانی ڕابردووی خۆیان سپی کرد بووەوە، کەچی لەماوەی دووهەفتەدا زمانیان گۆی نەکردووە بێنە گۆ چوونکە دێر بەدێر نوسینە کەیانم سپی کرد بوو وە خستبوومە پێش چاوی خوێنەران وخوێنەرانیشم کردبوو بەدادوەر لەسەریان بۆهەڵسەنگاندنی نامەکەی ئەوان و سەرنجەکانی من کەچی ئەمڕۆ کاڵفامێکیان بەناوی عومەر محەمەد کە هیچ دوور نییە ناوی خوازراوبێت بەناوی ئەندامی ڕیکخراوی چاکەوە هاتووەتە سەر شێواندنی ڕاستییەکان و جنێو بەخشینەوە بەسەر لایەنە شۆڕشگێڕەکان و پێشمەرگەقارەمانەکانی کوردستان دا.

ئەو کاڵفامە بەمن ئەڵێت جاش وئەنفالچی. بەو کاڵفامە ئەڵیم، دیارە لەلای ڕیکخراوی چاك، کە لەئەوروپا بەرێکێخراوی چەپە دۆڕاوەکان ناوی دەر کردووە پێشمەرگەی دەیان ساڵەی کوردستان جاشو ئەنفال چییەو لایەنە شۆڕشگێڕەکان ئەنفال چین، دەنا ئەگەر کوردێک تاکە هەفتەیەک پێشمەرگەی کوردستان بووبێت ئەزانێت یان هەفتەیەک دڵسۆزی کورد بووبێت ئەزانێت جەمال فەتاح کێیە؟ئەو ناوە لەسەر تاسەری کوردستاندا تەنها مانای وشەی پێشمەرگەی ڕاستەقینە ئەدات نەک جاشو ئەنفال چی؟. ئەگەر پێشمەرگەیەکی دەیان ساڵەی ناوسەنگەر جاشو ئەنفالچی بێت لەلای ئێوە ئەی کێیتر لەکورد دا دڵسۆزی گەل ونیشتمانە، بۆئەم درۆو بووختانەشتان دەڵێم پێم باشە ڕۆژێک لێی پەشیمان نەبن وخاوەنی ڕای خۆتان بن؟؟!!، یان بەبێ گوێدانە هیچ باوو ویژدانێکی کوردانە، بەمن ئەڵێت خەمی جینۆسایدو ئەنفالی لەبەر نییە، ئەگەر پێشمەرگەیەک دەیان ساڵ هەموو خەمی گەلەکەی لەکۆڵ نابێت، ئەوەی لەبەر چاوی نەگرتبێت پارەو سامان

وژیانی خۆش بوو‌بێت دەیان ساڵ هەتا ڕقی لەجادەی قیرو كارەباو ئۆتۆمبێل و ژیانی نەرموونیانی بووبێت لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای گەلەكەیدا، دووجار بەدرێژایی شۆڕش بریندار كرابێت، دەیان جار لەبۆسەی دوژمن كەوتبێت و بە هەڵكەوت ڕزگاری بووبێت، پانزە خێزان لەكەسوكارەكەی جینۆسایدی كیمیایی هەڵەبجەی شەهید بێت، دوو براو دەیان كەسی عەشیرەتەكەی شەهیدی سەنگەر بێت، دەیان ملیۆن دینار لەپێناوی بەرژەوەندی گەلەكەیدا زیان بەر خۆی و بنەماڵەكەی كەوتبێت، لەهەموو تەمنیدا تەنها قوربانی و ئەركەكانی كوردو شۆڕشی پێبڕابێت و 7 ساڵیشە مووچە خۆری هیچ كەسو لایەنێک نەبێت چاویشی لە دەستی هیچ كەس نەبێت لەهیچ بارێكی ژیانەوە نەبۆمادەو نە بۆ پایە چاوەڕوانی دەستی كەس نەبێت، لەهەموو تەمەنیدا تەنها بە پێشمەرگە ناسرابێت.
ئەوكەسە لەلای چەپە دۆڕاوەكانی ناو چاك خەمی جینۆسادو ئەنفالی لەبەر نەبێت ئەی لەلای ئێوەی كەلەوشك وبێ ویژان ئەبێت كێ؟خەمی جینۆسادو ئەنفالی كوردی لەبەر بێت؟؟!!، بابۆئەمەشیان جەماوەری شۆڕشگێڕی كوردستان وكەسوكاری ئەنفالكراوو كیمیایی لێدراوەكانی كوردستان و خوێنەرانی خاوەن ویژدان دادوەر بن نەک ئێوەی دەروون نەخۆش.
لەوەڵامی ئەو درۆو بووختانە تاندا هەر ئەوەندە بەسە. هیوادارم جارێكی كە پێشمەرگە نەكەن بەجاش و لایەنە شۆڕسگێڕەكانی كوردستان بە ئەنفالچی وتاوانبار ناو نەهێنن چونكە كەستان ئەوەندەی ڕاسپاردەكەتان كە كەمال سەید قادر بوو بەجورئەت نییە بەڵام ئەوەش دوێنی مامۆستا حەمەسەعید حەسەن چووەتەلای و دەری خستووە لەزاری كەماڵەوە كە چی پەشیمانێكە لەوگشت درۆو بوختان و جنێوەی كەبۆ بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستانی هەڵبەستبو هیچ دووریش نییە لەئایندەی نزیكدا بێتە سەر شاشەی كەناڵە ئاسمانیەكان وسەرەڕای بەدرۆ خستنەوەی گشت درۆ و هەڵبەسراوەكانی خۆی وهەرچی زیاتر ڕیسواكردنی ئێوەو ئەو كەسانە ڕیسوابكات كە سەرەڕای ڕاسپاردنی بۆ ئەو جنێوو بووختانانەی لە پشتی دەست بەسەر كردنەكەیەوە كەوتنە زورنالێدان و درۆ ونامە بەخشینەوە و هاتوو هاوار بەملاوبەولادا و بێڕێزیكردن بەیاساو سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان.
ئەگەر پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان وهەموولایەنە شۆڕشگێڕەكانی كوردستان كەبەدەریا خوێنی پێشمەرگەی قارەمانیان ڕشتووە لەپێناوی بەرگری كردن لەمان ومەوجودیەتی گەلەكەماندا؟؟، ئەگەر تاكە كوڕی ڕۆژانی تەنگانەی كورد ئەوان بن؟؟، ئەگەر هەر ئەو لایەنە شۆڕشگێرانە ئەو دەستانەیان پەلپەل كرد كە لەگەرووی كورد گیركرابوون و لەدوا هەناسەی لەناوچوونی گەلی كوردستاندا ئەوان سەری دووژمنیان بڕی؟؟. ئەگەر ئەوان نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی كوردستانی باشور نەبن؟؟ئەی كێیتر؟ ئەبێتە نوێنەری گەل، وەڵامی ئەم پرسانەش تەنها بۆ خەڵكی بەویژدان بەجێدێڵم.
لەكیسەڵ وایە توندڕەوترین گیاندارە، بەڵام لەلای هەمووماـن ڕوونە كە هێواشترین گیاندارە، ئەگەر شێتیش بزانێت شێتە شێت نابێت. بەڵام لەخۆڕازی بوونی ئێوە گەیشتووەتە قومەی نەزانی، ئەگەر ئێوە ڕێكخراوێكی كوردین و بەرگری لە جینۆسایدو ئەنفال وكیمیایی لێدراوی كورد ئەكەن ئەی چۆنە خنجەری كولتان لە نوێنەری ڕاستەقینەی كوردو كوڕانی ڕۆژی تەنگانەی كورد وسەركردایەت ساسی كوردو پێشمەرگەی كوردستان هەڵكێشاوە؟؟!!بەتایبەتی لەو كەس و لایەنانەی چەپ نین.
لەكاتێكدا لەكوردستاندا دەیان ڕكخراوی خێر خوازهەیەو بارەگایان لەكوردستانەو بەڕێكو پێكی كاری خۆیان ئەنجام ئەدەن و خزمەتی تەواوی گشت چین وتوێژەكانی كۆمەڵانی

خەڵکی کوردستان ئەکەن ونەکێشە بۆ خۆیاندروست ئەکەن ونە ڕێخراوە کەشیان کردووە بە بارگای حزب ولایەنێکی چەپی دۆڕاو

بۆیە لەکۆتاییدا پێتان ئەڵێم ئەو گوێزەی ئێوە ئەتانەوێت بیخۆن کاکڵەکەی لەباخەڵی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستاندایە، باشترە لەباتی دژایەتی سەرکردایەتی کوردو لایەنە شۆڕشگێرەکانی کوردستان بەخۆتاندا بچنەوەو ڕێگای کوردانەو مرۆڤ دۆستانە بگرنەبەر و خۆتان لەدرۆو بووختان ببوێرن وکەسانی سەر شێت ودرۆو بووختان چی وەک کەمال سەید قادر لە خەڵکی سادەی کورد مەکەن بە ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕ وچێتر سابوون لەبن پێی ئەوجۆرە کەسە کاڵفام وڕادیکالانە مەدەن، چونکە ئەو ئاکارانە جگە لە مایەپوچی و ڕیسوایی هیچیتری لێنادوورنەوە..

جمال فتاح
2005/11/25
لەندەن